# هەواڵی کرێکاری , جەماوەری , بزوتنەوەی سۆسیالستی جیهانی

## شۆڕشی هەژاران ڕوسیا و نیپاڵ و فەنزویلای گرتەوە

### سەردانەکانی جۆرج بۆش

-حکومەتی سلۆڤینیا 6000 پۆلیسی تەرخانکرووە بۆ پارێزگاری لە سەردانەکەی جۆرج بۆش بۆ براسلاڤییا لە 24-2-2005 , کە لەو کۆبونەوەیەدا جۆرج بۆش لەگەڵ پۆتین کۆبونەوەی لوتکەی باڵا دەبەستن .

- نەیارانی جۆرج بۆش لە برۆکسل خۆیان ئامادە دەکەن بۆ سازدانی ناڕەزایەتی دژ بە سەردانی جۆرج بۆش بۆ برۆکسل .

-هەفتەی داهاتوو 20-1-2005 بڕیار وایە مەراسیمی بە دەسەڵات گەیشتنی بۆش ساز بکرێت , خۆپیشاندەران لە ئێستاوە 1000 تابوتییان ئامادە کردووە وەك ئارمی قوربانییان لە شەڕی عێراق لە خۆپیشاندانەکەیا نیشانی دەدەن. هەروەها هەزاران خۆپیشاندەری کە مۆسیقا لێدەدەن و ژمارەیەك کەش بە ماتۆڕ سواری ناڕەزایی دەرەبڕن و 300 ئەسپ سواریش بەشداری نمایشی ناڕەزایەتییەکان دەکەن . ئەم مەراسیمە 40 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت . ئەوەی شایانی ئاماژەیە 90٪ خەڵکی واشنتۆن دەنگییان بە بۆش نەداوە لە دوا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا . ئەمەو کۆی گشتی 4000 پۆلیس بەشداری پاراستنی ئەو مەراسیمە دەکات .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆپیشاندان ئاهەنگی بە دەسەڵات گەیشتی ساڵی 2001 ی جۆرج بۆشی تێك دا . خەڵكێك زۆر لە ئێستاوە گەیشتوون بەڵام میوانخانەكان شوێنییان نەماوە .







## ڕوسیای فیدراڵی






خۆپیشاندان و نارەزایەتی دژ بە بڕیاری نوێی حكومەت ژمارە 122 بە بڕینی مانگانەی بیمەی كۆمەڵایەتی تەواوی ڕوسیای گرتەوە , لە لۆكسمبۆرگ هەردوو پارتی كۆمۆنیستی ڕوسی و كۆمۆنیستی بەلشەڤی سۆڤییەتی ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەكەیان كرد , بە وتەی پۆلیس 10000 خۆپیشاندەر بەشداری نارەزایەتییەكەیان كرد , خۆپیشاندەران هاتو چۆی ئۆتۆمبیلییان لە شەقامە سەرەكییەكانی سەنتەری شار گرت , هاوكات لە مۆسكۆو شارەكانی كەش سەدان هەزاری كە بە ڕوێنوێنی كۆمۆنیستەكان ڕژانە سەر شەقامەكان مۆسكۆو شارەكان كە . هاوكات قەیران حكومەتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرتەوە , جێگیری سەرۆك وەزیران ووتی:– ئەگەری واز هێنانی حكومەت لە ئارادایە . بە گوێرەی ئەم بڕیارە نزیك 50 ملیۆن پیر و پەككەوتە لە یارمەتی بیمەی كۆمەڵایەتی و وزەو هات و چۆی خۆڕایی و بێبەری دەبن .

ئەم تەنگژەیە ئەگەری گەورە بوونەوەی هەیەو چاوەڕوانی قەیرانی سیاسی لێدەكەوێتەوە . دوای ئەم قەیرانە كۆمۆنیستەكان هاتنە پێشەوەی ڕوداوەكان و كامیرای ڕاگەیاندنەكان چووە سەریان , ئەوەی شایانی ئاماژە پێكردنە هەمان قەیران حكومەتی ئۆكرانییای بەرەو تێكشكان برد .
بەم شێوەیە خانەنشینانی ڕوسیا دژ بەپۆتین یەكییان گرت , دروشمی جەلادانی پیرو پەككەوتە , هەڵمەتی لەناودانی گەلی ڕوسیان دەوتەوە .
ئەمڕۆ 17–1–2005 مانگرتن 9 ڕۆژە 15 ناوچەی ڕوسیای گرتۆتەوە , پارتی كۆمۆنیست دەیەوێت مانگرتنی سەرانسەری گشتی 29 ناوچەی ووڵات بگرێتەوە . لە كۆی 15 ناوچە كە مانگرتنی تێدا ئەنجامەدراوە, پارتی كۆمۆنیست لە 12 ناوچە سەركردایەتی ناڕەزایەتییەكانی كردووە .
لە 23–26 مانگرتنی سەرانسەری شاری پترۆسبۆرگ دەگرێتەوە, لە بەرواری 16–1 لە مۆسكۆو 20 شاری دەوروبەری مانگرتنی گەورە ئەنجام درا , ئەمە سەرباری مانگرتنی سەرانسەری بەپانایی ڕوسیا .
هەروەها لەدۆما سێشەممە 18–1 كۆمۆنیستەكان گۆڕینی حكومەتیيان خستە دەنگدانەوە , لە ئەنجامدا بەشێك لە فراكسیۆنەكان كەش پشتگیری داواكارییەكەیانییان كرد , ئەمەو لە 22–1 ەوە خۆپیشاندان گەرمترە بێت و سەرتاسەری ڕوسیا دەگرێتەوە كە هاوتایە لەگەڵ مەرگی ڕابەری شۆڕشی ئۆكتۆبەر لینین .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چین

–چین بووە سێیەم هێزی بازرگانی لە جیهاندا لە دوای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا , کۆی بازرگانی دەرەوەی گەیشتە 1,154,74 ترلیۆن دۆلار , بەمەش کەوتە پێش یابانەوە .

–زەهاو زینغ کە لە ساڵی 1989 ەوە لەژێر چاودێریدا دەژێت لە تەمەنی 85 ساڵییدا کۆتایی بە ژیانی هات, کە دوو ڕۆژ لە بێهۆشیدا ژیانی بەسەرە برد .ناوبراو سەرپەرشتی چاکسازییەکانی ساڵانی هەشتای دەکرد ,بڕیار وابوو شوێن دینگ شیاو بینگ بگرێتەوە لە ڕابەری وڵاتی چین , بەڵام بەهۆی هەڵوێستی نەرمی بەرامبەر خۆپیشاندانەکان دەربڕی ,بۆیە دورخرایەوە لە دەسەڵات.



## نیپاڵ

بەهۆی گرانکردنی سوتەمەنییەوە نارەزایەتی نیپاڵی گرتەوە , قوتبیانی کۆنگرەی میللی و قوتابیانی پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی– مارکسیست لینینیست ڕابەرایەتییان کرد . دوا نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو لەبەردەم زانکۆی کاتماندۆوە نارەزایەتی کلّپەی سەند بۆ ناو شار , خۆپیشاندەران دژ بە مەلیك و حکومەت دروشمییان داو ڕێگا سەرەکییەکانی زانکۆیان گرت , ژمارەیەك ئۆتۆمۆبیلییان سوتاند ,

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆپیشاندان هاوکات شارەکانی پیرانتاجارو دارانۆی لە ڕۆژهەڵاتی نیپاڵی گرتەوە .لە خۆپیشاندانی سێشەممەی ڕابردوو 4 قوتابی سەر بە کۆمۆنیستەکان زامدار بوون , سکرتێری هەمان پارت ماداف کۆمار ڕەخنەی توندی گرت لە حکومەت , لە 5 مانگی ڕابردوو ئەمە سێیەم جارە لەلایەن دەوڵەتەوە سوتەمەنی گران دەکرێت .

پێنچشەمەش ڕێکخراوی قوتابیانی کۆمۆنیستەکان خۆپیشاندانێکی کەیان ڕێك خستەوە . هاوکات کۆمەڵەی شۆفێرەکانی تاکسیش بڕیاری مانگرتنییان دا , ڕۆژی هەیینی مانگرتن کەتماندۆی گرتەوە هاتو چۆ لە دۆڵی کەتماندۆ ڕاوەستا .

–هاوکات ماوییەکان 14 سەربازی هیندی بەڕەچەڵەك نیپاڵیان گرت کە لە کشمی رسەربازی دەکەن بە هۆی هەژارییەوە .لە ساڵی 1815 ەوە نیپاڵییەکان لە ڕیزی سوپای ئینگلیزیدان .

–ماوییەکان بوونەتە هۆی قەیرانی سیاسی لە نیپاڵ ,چونکە 75٪ خاکی وڵات بە دەستیانەوەیە , ئێستا حکومەت دەیەوێت لە نیساندا هەڵبژاردن بکرێت ئەم هەڵبژاردنەش پێویستی بە چرای سەوزی ماوییەکانە .پارتی کۆمۆنیست داوای ئاگربەسی یەکلایەنەی کرد لە لایەن حکومەتەوە .

ڕۆژی یەك شەممە16–1 بەنزینخانەکان داخران , دوو شەممە مانگرتنی سەرتاسەری دەستی پێکرد , بازاڕ داخرا , جوڵانەوە وەستا , ئۆتۆمبێلێکی بچوك کە خەڵکی هەڵگرتبوو کەوتە بەر هێرش و سوتێنرا , هەروەها 4 پارتی ئۆپۆزسیۆن دوو شەممە 17–1 بڕیاری مانگرتنی سەراتاسەرییان دا , هاوکات ئەمڕۆ بۆ سێیەم ڕۆژ مانگرتنی سەرانسەری ناوچەکانی ڕۆژئاوای (غانداك) ی گرتەوە بە ڕێنوێنی و سەرکردایەتی ماوییەکان, غانداك , کاسکی , تاناهات ,لامانج , بالبا و ..... گ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ھەروەھا یەك شەممە 1-16 فەرماندەی گشتی ئاسایشی نیپاڵی لە ڕۆژئاوای وڵات لە لایەن ماوییەکانەوە بە دیل گیرا .

پارتی کۆنگرەی میلی ڕایگەند کێشەی ماوییەکان تەنها بە ناوبژیوانێکی نێو دەوڵەتی چارەسەرە کرێت . ئەمەو ماوییەکان قورسایی هێرشە سەربازییەکانییان بۆ بەشی خۆرهەڵات گواستەوە , چوار شەممە 1-18 بە گوێرەی هەواڵدەری نیپاڵی 50 سەرباز لە شەڕەکاندا شوێن بزر بوونە .

نیپاڵ ئێستا لە قەیرانێکی توندایە , خەباتی جەماوەری دژ بە گرانی سەرباری قەیرانی سێلایەنەی خەباتی چەکداری- ململانێی پارتەکان بۆ دەسەڵات- سەلاحیاتی مەلیك نیپاڵی لە لێواری گۆڕانکاری ڕیشەیی داناوە .















PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سعودیه

15 خۆپیشاندەری سعودی لە ناویاندا ژنێکیش دەبینرا بە هۆی سازدانی خۆپیشاندانەوە دژ بە بنەماڵەی مالیکە لە بەرواری 16-12-2004 سزا دران بە 2 – 6 مانگ زیندانی و 150 – 250 جەڵدە .

## ئێران

قەزای ئێرانی وەڵامی ئەوانەی دایەوە کە نەیاران تاوانباری دەکەن بە ڕەجم کردنی کچانی کەمتر لە 18 ساڵ , ووتی :- ئێستا ئەم کارە وەك جاران لە ئێران ئەنجام نادرێت .

## ئەزهەر-میسر

ئەزهەر دەستی گرت بەسەر پەرتوکی مدعو النبوة في التاريخ لە نوسینی وەلید تۆغان , نووسەر لە وەڵامدا ووتی ڕەخنەم لە خەلافەت نەگرتووە تەنها ووتومە ڕێز لە لێکۆڵینەوەی مێژویی بگرترێت بۆ ئەوەی پێش کەوین .

## هەژاری بەهۆی کارەساتی تسۆنامییەوە

-بانکی گەشەپێدانی ئاسیا لە ڕاپۆرتێکیدا کەلەمانیلای پایتەختی فلپین بڵاوی کردەوە ووتی :- دیاردەی تسۆنامی دوو ملیۆن مرۆڤی بەرەو هەژاری برد , سەرباری ئەوانەی تیاچوون بە کارەساتەکە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فەنزویلا

شافیز سەرۆکی چەپڕەوی فەنزویلا لیژنەیەکی دیاریکرد بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئەو زەویانەی تا ئێستا بەکار نەهێنراون لە لایەن خەڵکەوە , تا دابەش بکرێت بەسەر هەژارانا , 80٪ زەوی کشت و کاڵی فەنزویلا بەدەست 5 ٪ دانیشتوانەوەیە . پارساڵ بڕیارێکی کەی دەرکرد بە ناوی زەوی بۆ ئەوەی دەیکێڵت . ئەم بڕیارە بە ناوی شۆڕشی هەژاران لە فەنزویلا ناو زەدکرا , لەم هەنگاوەدا 100000 جوتیار لە نێوان 20- 3000 هیکتار زەوی وەرە گرێت . ساڵی ڕابردوو 400000 پارچە زەوی دابەشکرا بەسەر جوتیارانی هەژار , کۆی زەوییە دابەشکراوەکەی پارساڵ بە 70000 ملیۆن هێکتار زەوی دیاریکرا .

لە لایەکی کەوە فەنزویلا بە توندی ڕەخنەی لە کۆلۆمبیا گرت بەهۆی فڕاندنی چراندا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی فارك لە شاری کەراکاس, کۆلۆمبییەکان بە دانی بەرتیل توانییان چراندا برفێنن , ئەم کارەش بووە هۆی برینی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان هەردوو وڵات , ئەمەش کار لەسەر پەیوەندی بازرگانی و پرۆژە نەوتییەکانیش دادەنێت .

هاوکات شافیز ڕەخنەی توندی لە باڵوێزی ئەمەریکا لە بۆغۆتا دەربڕی کە لایەنگری لە کۆلۆمبیا دەربڕیبوو .

## پیرۆ

لە بەرواری 15-11-2004 دادگای پیرۆ بڕیاری دادگایی کردنەوەی ئەبیمال گۆزمنی دا کە لە ساڵی 1992 دوە گیراوە , ناوبراو پرۆفیسۆرەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەساڵی 1980 سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕێگای ڕۆشنی کرد , کە بزوتنەوەیەکی ماوی بەهێز بوو لە پیرۆ. ئەوەی شایانی باسە ئێستا 1831 زیندانی ئەم بزووتنەوەیە لە زیندانەکانی پیرۆدان . لە دادگادا ئەبیمال قارەمانانە دروشمی ووتەوە و دادگایی کەرانی شەرمەزار کرد .



## سودان

دوێنێ یەك شەمە 16-1-2005 پارتی کۆمۆنیستی سودانی بڕیاری بە کۆتایی هێنانی ژیانی نهێنی سکرتێری پارتەکەی محەمەد ئیبراهیم نەقد هێنا , کە 15 ساڵە زۆر ئازایانە بە نهێنی لە خەرتومدا مایەوە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com